
# هونەری کاریکاتێر

## وکاریکاتێری کوردی

2006



عادل شاسواری

# هونەری کاریکاتێر و
# کاریکاتێری کوردی

عادل شاسواری

2006

**بەرایی ئەم هونەرە :**

(ئۆلـف کارلیـسل) ئـەڵی :پـۆلیس و ڕۆژنامەنووسـان ژیـانی تایبـەتیان ویـران کـرد1 بـەڕای کارلیـسل (پـولیس ) لەگـەڵ (ڕۆژنامـــەنووس ) دا ئەچـــنەیەك پۆلبەندیـــەوە تـــەنها جیاوازەکەیانئەوەیە ڕۆژنامـەنووس وەك هونـەرێك وەزیفەکـەی جێ بەجێ دەکات ، بـەڵام پـۆلیس وەك وەزیفەیـەك کارەکـەی دەکات . ئەو هونەرەی کە ڕۆژنامەنووس پشتی پێ دەبەسـتێ بۆ تەعبیر کردن لەپەیامەکەی زۆرن ،بەگوێرەی کۆمـەڵگاکان و ئاســتیان کارێکەریانــدەگۆرێت ..لەکۆمەڵگایــەکی مــۆدیرنی ئەوروپیدا ڕەنگە هونـەرێکی وەك کاریکـاتێر کاریگەریـەکی زۆر زیاتر بێت لەهوونەری مەقالەنووسی یاخود ڕاپۆرت[1] و....هتد

---

[1] *پیکەنین و بیرچوونەوە /نووسـین،میلان کۆنـدێر0 وەرگێرانــی : ئـاوات ئەحمەد/سەردەم ل 159*

ئـــــەم كاريگــــەرى ( كاريكـــــاتێرە) بەڕادەيەكــــــەوەك لە(ڕاپۆرتیدیماهی لیژنەی نێودەوڵەتان بۆ لێكۆلینـەوەی گـیرو گرفتەكانی پێگەیشتن لە یونسكۆدا) هاتووە و ئەڵێ:

(زەمانــەگۆراوە.. هەلوێـستی كۆمــەلآنی خــەڵكیش بەرامبــەر كاريكـاتێر گـۆراوە ئـەمڕو داوايـەكی زۆر سـەير لەسـەر ئـەم هونەرەيـە ، لەسـەر هونەرمەنـدە ڕەسـەنەكانێتی بەڕادەيـەك مەسـئولیەتێكی نـوێی خـستووەتە ئەسـتۆی هونەرمەنـدانی هاوچـەرخ)[2] بـەلآم ئـەم هونـەرە بەوقورسـاییەی كـە هەيـە و سـەرنج دەدرێ لەجیهانـدا هێـشتا لـەلای ئیمـەی كـورد نرخـی نـەزانراوە ، هەرچـەندە لـەدوای ڕاپەرينـەوە پێـشكەوتن ئـەم هونەرەشـی گرتـەوە ە گەيـشتە ئاسـتێك كـە چـەند كەسـێك لەڕێی ئەم هونەرەوە بناسرێن ، وەك هونەرمەندی كورد عـەلی مەندەلاوی دەڵێ :

---

[2] *دراسات اعلامیە/گۆڤاری بنكەی عەرەبی بۆ لیكۆڵینـەوەی ڕاگەیانـدن/ ژ48/1987 ل 4150*

(مستت مەکەرەوە ڕوممانەیەکی تەقیوی تێدایەناوی کاریکاتێرە)[3]

**پێناسە**

کاریکاتێر/خەندەیە ، بزەی سەرلێوە ، هەناسەیەکی تەنز ئامێزە هەڵچوونی زمانی بیروڕای گشتیە ، هێورکردنەوەو پشووی خوێنەرە دوای شەکەتبوونی لەگۆڕەپانی ووشەدا فرمێسکیکی پەنگخواردووی پشتی پێکەنینە، ئازارێکە لەپشت گەشبینەوە ، هونەرێکە پەردە لەسەر حەقیقەتی ڕووداوەکان لائەدا ،ڕاستیە لەناوچەوا شەکرندا ،تێڕوانینێکی قووڵە بەسادەییئاڵوزییەکاندەردەبڕیت [4]

کاریکاتێر/بریتییە لەپیشاندانی کەسەکان بەشێوەی وێنە (رسم) کەڕووخسارە ئاشکراکانیان لەخۆ دەگرێت وەزیادە

---

[3] *ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی بەغدایی ژ1989/3/6/113 ل3*

[4] *ڕۆژنامەکانی(گۆڤارێکی مەرزیە) ،ئیمتیاز/فەرهادعەونی،لا 363 (کاریکاتێر لەڕۆژنامەنوسی کوردیدا)2002*

ڕۆیی دەکات لەدەرخستنی ئەوسیفەتانەی کەپێی دەناسرێت لەسەدەی (17) و هەندێك جار کاریکاتێرپیك دێت لەوێنە یان ووشە لەگەڵ وێنەکاندا .5

کاریکاتێر/(*CARICATUR*) ووشەیەکی ئیتالیە بەمانای زێدە ڕۆیی (مبالغە) دێتەوە ، ئەگەر لەڕووی مێژووی سەرەتای سەر هەڵدانیشەوە تێی بڕوانین دەگەڕێتەوە بۆ چاخە کۆنەکاتی پێش مێژوو .6

وێنەکێشی کاریکاتێر/ بریتییە لەو کەسەی کەتوانای وێنەکێشانی کەسەکانی هەیە بەشێوەیەکی پێکەنیناوی ، بەلە خۆگرتنی ڕوخسارە دیارەکانیان و زیادە ڕۆیی لە پیشاندانی ئەو سیفاتانەی کە کەسەکان پێی دەناسرێت ..وێنەکێشکە

---

[5] *(معجم المصگلحات الاعلامیە) د.کرم شلبی ،الگبعە التالیە،1 415 هـ 1994 م ،دار الجیل بیرووت ،لا146*

[6] *گۆڤاری ڕۆژنامەکانی،لا366،ژمارە (8) 22 نیسانی 2002 ،ئیمتیاز (فەرهاد عەونی ) .*

هونەرمەندێکی لێهاتوە لە گاڵتە جاڕیدا وورده لەوێنەکانیدا زیرەکە لەهەڵبژاردنی وێنەکانیدا ..7

**مێژووی ئەم هونەرە**

کاریکاتێر وەك هونەرێکی سەربەخۆ لەکۆتایییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم ، بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەوروپا دەرکەوت و بلاوبۆەوە ، بەلام کاریکاتێروەك هونەرێکی پێك هاتوو لەشێوەکاری و گالتە ئامێز خاوەنی جێ پەنجەی دیاری خۆیەتی لەقوولایی مێژوودا ،تا ڕادەیەکی ئەوتۆ چەند کەسانێك دەیبەستنەوە بە لەدایك بوونی مرۆڤەوە ،وە دەتوانین ئەو وێنەکۆمیدیانەبێنین کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژوو ، کەتیایدا مرۆڤ وێنەی ژیانی خۆی لەسەر دیوارو ئاژەلانی دەوروبەری لەسەر تاشەبەردەکان هەلکەندووە.

---

[7] *(معجم المصگلحات الاعلامیه) ،انگلیزی –عره بی(د.کرم شلبی )استاژورئیس قسم الصحافەوالاعلام جامعه الازهر.*

وه چــــەندەها وێنــــە گاڵتــــە ئــــامێز و پیکــــەنیناوی لەسەرئەشکەوتەکان لە فەرەنسا و ایتالیاو ئەمەریکای باشـوور دوورگەی عەرەبی وجەزائیروچەندەها شوێنی تـر دۆزراوەتـەوە .

دیانەتە کۆنەکان بەگرنگترین سەرچاوە کانی پیکەنین و گالتە دەژمێریـت لەئەدەبـدا بێـت یـان شـێوەکاری لەسـەرەتاکانی دەرکەوتنی داستاندا ، خوداوەنـەکان بەشـێوەیەکی (بورتریـە) پیــشان نەئەدران،بــەڵکو روخــساره دیارەکانیــان پیــشان ئەدرا،کەوێنەیـەکی ترسـناکی دروسـت دەکردیـان کۆمیـدی و پێکەنیناوی.

ئـەتوانین بڵـێین مەبەسـت لـەم زیـادە ڕۆییـە لەدەرخـستنی رووخسارەکانیدەم وچاودا لەسەرەتادا، بۆپێکـەنین نـەبووەبۆ نمونــە باپلیــەکان وێنــەی روح خراپــەکانیان بەشــێوەیەکی ناشـرین و لەشـێوەی ئاژەڵدا دەکێـشا ، ئـەویش بـۆ دروسـت کردنــی تــرس بــوو لەدڵــدا ، بــەو شــێوەیەش مرۆڤــەکان هەڵدەسـتان بەشـێواندنیئە وێنانـە وەك تۆڵـە سـەندنەوەیەك لێیان.

### جۆرەکانی کاریکاتێر[8]

1-کاریکـاتێری سیاسـی/یەکێکـە لـەگرنگترین جۆرەکـانی کاریکاتێر، ئەم جۆرەکاریکاتێرە دادەنرێت بەچارەسـەرکردنی بابەتـە سیاسـیەیە ڕاسـتەخۆکان یـاخود نـا ڕاسـتەوخۆکان ، هـەروەها بابـەتی کاریکـاتێری سیاسـی وەك هەڵبژاردنـەکانی پەرلەمان ، پەیوەندیە نێـو نەتـەوەیی ، هەوڵـەکانی حکومـەت دەگرێتەوە.

2-کاریکـاتێری کۆمەڵایـەتی/ ئـەم جـۆرە کاریکـاتێرە بـاس لەکێـشەکۆمەڵایەتیەکان دەکـات بەشـێوەیەکی گـشتی وەك کێـشەی جیابوونـەوە (تـەلاق) وەکێـشەی زواج وە کێـشەی نەخۆشـی (مخـدرات) وە کێـشە نارەواکـانی لـەناو کۆمـەڵگا ڕووئەدەن هەروەها بەرزبونەوەی نرخی کەلوپەل هـەروەها بـۆ ماوەش دەگرێتەوە .

---

[8] *فن الكاريكاتير فـي الـصحافه الدوريـه ./ د. ممـدوح حمـاده/1999-2000 / دار عشتروت للنشر.*

3–کاریکاتێری ترفیه/ ئەم جۆرەی کاریکاتێر ، باس لەشتی کۆمیدی و پێکەنیناوی دەکات ، ئامانجی ئەم جۆرە کاریکاتێرە دانی شێوەیەکی پێکەونیناوی ( کۆمیدی ) بە بینەر.

4–کاریکاتێری پۆرترەین/ ئەم جۆرەکاریکاتێرە تەنها دەم وچاوی مرۆڤ پیشان دەدات وەکەسایەتیە گەورەکان (ناسراوەکان) بەشێوەی کاریکاتێری دەم و چاویان پیشان دەدات بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر .

### ڕۆڵی کاریکاتێرلەرۆژنامەگەریدا

هونەری کاریکاتێرلەسەرەتاکانی یەکەمدا هیچ جیاوازیەکیئەوتۆی نەبوولەجۆرەکانیتریهونەری شێوەکاریلەرووی جێبەجێکردنەوە ,بەشێوەیەك زۆربەیهونەرمەندەکان وێنەی تابلۆکاریکاتێریەکانیانبەئاو و زەیت و جۆرەها کەرەستەی ئاڵۆزی ترکەپێویستی بە کات هیلاکی یەکی زیاتر هەبووە لە دروست کردنی.

هەرلەبەرئـــەوەبوو کـــە کاریکاتێرییـــەکان بیریـــان لەڕیگـــە چـارەیەکی تـــر کـــردەوە کـــە لەگـــەڵ سروشـــتیکارەکەیاندا بگونجێـت ,هەربۆیـەکاریکاتێریان گرێدابـە هونـەری (گرافیـك) ەوە کەئامادەبوو بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە, بۆنموونە هەڵکەنـدن لەسـەر بـەرد و دارو ئاسـن و جۆرەهـا هونـەری تـری گرافیـك کەبڵاوبوونەوەی ئاسانتر کرد وهێزو کاتێکی کەمتریشی ویـست بۆ وەبەرهێنانی کاری زیاتر ، هەرلەبەر ئەوەش بـوو کەزۆرینـە ناویـان لـە کاریکاتێرنـابوو ( کـوڕی گرافیکـی ڕاسـتەقینە) وەلەمەشدا ڕاست بوون چونکە زۆر تـرین بەشـی کاریکـاتێر تـا ئیستاش لەسەر ئەم ڕیبازە دەڕوات .

هەروەك چۆن بینومانە کە کاریکاتێر بەهۆی پەیڕەوکردنی ئەم هونـەرە وەبۆتـە هـۆی ئـەوەی شـێوازێکی جـەماوەری –تـابع شـعبی –وەربگرێـت و بـچێتە دەرەوەی سـنوری پێـشانگا هونەریەکان و ئەو کارانەی کـە بەشـێوەیەکی هونـەری پیـشان دەدرێـت لەبینـەر لەچـینی ڕۆشـنبیرو بایەخـدەر بەهونـەر بەشێوەیەکی سەرەکی بلای خۆیدا ڕادەکێشێت.

بەم شێوەیە دیـوارو چـڵی درەختـەکان و ڕووکـاری دوکانـەکان بوون بەپێشانگایەك بـۆ پیـشاندانی کاریکـاتێر کـە ژمارەیـەکی

زۆر لەتەماشاکاریان –جەماوەر–بەخۆوە دەبینی ، بەم شێوەیە ئەم هونەرە (گرافیك) پەیوەندی بڵاو بەژمارەیەکی زۆر لەبینەری کاریکاتێری بەلای خۆیدا ڕاکێشا لە هەموو شێوازەکان –چینەکانی (دەوڵەمەند–نەخۆیندوار–هەژار–ڕۆشنبیر...) بەڵام کاریکاتێرلەم سنورەدا نەوەستا ، چونکە لەگەڵ بوونی توانای بڵاو بونەوەی ،توانای دەست بەسەرگرتنی ئەو بڵاو بونەوەیەشی نەبوو لەدەرەوەی سنوری وڵاتێك یان شارێك یان لادێیەك ، ئەمەش بەهۆی بوونی چەندین هۆکارەوە ، بۆ نمونە زۆر لەم وێنانە بەکاردەهات لە جەنگ و بەر بەرەکانی وزۆر چەمکی سیاسی لەدەرەوەی سنوری ئەو وڵاتە لەخۆدەگرت کەتیادا وەهەروەها ئەوکەرەستانەی کە وێنەکانیان پێدروست دەکرا یان چاپ دەکران بەس نەبوون بۆ دەست بە سەردا گرتنی ژمارەیەکی زۆرتر لەو وێنانە ,بەڵام هۆکاری سەرەکی بە ڕای ئێمە نەبوونی یاسا یەکی گونجاوبۆ دابەش کردن هەروەك چۆن لەڕۆژنامەدا دەبینرێت,لەبەرئەوە کاریکاتێربەدوای چەندەها ڕیگای تازەدا دەگەڕا کەبڵاوکردنەوەی بە شێوەیەکی فراوانتردەستە بەربکات, هەروەك چۆن خۆی لە ڕۆژنامەدا بینیوە.

وەهۆکـاری یەکنـەگرتنی کاریکاتێربـە ڕۆژنامەوەلـە سـەرەتای دروســت بــوونی ڕۆژنامــەوە, بەکارنــەهێنانی هونــەری چــاپی بەردینی لەڕێسای چاپدا کـە بـەربڵاوبوو بـۆ ماوەیـەکی زۆر , ئەمـە لـە لایەکـەوە لـە لایـەکی تـرەوە ڕۆژنامـا لـە سـەرەتای دروست بونیدا هۆیەك نەبووە لە هۆیەکانی پەیوەندی کردن بە خەڵکیەوە ,وەك چۆن ئێستا دەیبینین.

بە ڵکو بریتیبووە لەبڵاوکراوەیـەکی ڕۆژانـە کـە لـە سـەر ڕیگـا بازرگانیـەکان بڵاوکرایـەوە کـە زانیـاری لـە سـەر بـاری ئـەمنی ئاسایـشی ئـەو ڕێگایانـە تێـدابوو لـە شـارە جیاوازەکانـدا تـا بازرگانـەکان لـەو ڕێگایانـەوە دوربـن کـە پڕبـوون لـە ڕێگـروو چــــەتەکان ,پاشـــــان ڕۆژنامـــــە بریتـــــی بووەلـــــە بڵاوکراوەیەیاسایییانەی کە بڕیار و یاساکانی دەوڵەتی لە خـۆ دەگرت هەتا ڕۆژنامەی ئەدەبی وسیاسی دەرکەوت .

دەرکەوتنی ڕۆژنامەی ئـەدەبیو سیاسـی هاوکـات بـوو لەگـەڵ بەکارهێنانی هونەری چاپی بـەردینی (الليموغرافيـا) لەڕێسای چـــاپدا، بەوشـــێوەیە ڕۆژنامـــەو گۆڤارەکـــان هەســـتان بەبڵاوکردنەوەی چـەندین وێنـە کـە زۆربـەیان دەربـارەی کـارە ئەدەبیــەکان بــوو، تــەنها ئەوەنــەبێت کەناســینی یەکــەمی

کاریکـاتێر لــە ڕۆژنامەکانــدا لەڕێگــەی ڕۆژنامــەکاریکاتێریی یەکانـــەوە بـــوو، کـــە میمبـــەرێك بـــوو بۆکاریکاتێریـــستە جیهانی‌یەکان.

یەکەمین ڕۆژنامـەی کاریکـاتێری لـە فەرەنسادەرچوو لەسـاڵی (1830) بەناوی (کاریکاتێر) بوو کە سەرنووسەرەکەی (شـاڵ فیلبون) ی کاریکاتێریش و ڕۆژنامەوان و وێنەکێشی فەرەنـسی بـــوو کـــە ڕۆژنامـــەی کاریکـــاتێری –گاڵتـــە ئـــامێزی دەرکـرد,اەسـاڵی(1832)بـەناوی (هـاوار) –الـصرخە– لـەم دووبەرهەمەدا زۆربە کاریکاتێریـستە بـە ناوبانگەکانی‌فەرەنـسا لەم دوو بەرهەمەدا کاریان کردووەلەگەڵ وێنەکانی(ادومییـە) و (گرافیـــــك) بـــــەڵام لـــــە بـــــەریتانیا ڕۆژنامـــــەی ((بەقـــــدوونس))بلبقـــــدونس– کـــــە لەســـــاڵی(1841) دەرچـوو,یەکـەمین ڕۆژنامــەی کاریکاتێری‌وێنــە ئامێزبووەلـە بەریتانیا ,وە لەئـەڵمانیا یەکـەمین گۆڤاری‌کاریکاتێری‌گۆڤـاری –القصاصات الگائرە–بوو کەلە ساڵی (1844)دەرچووە, لەولآتە یـەگرتووەکان یەکـەمین ڕۆژنامـەی کاریکـاتێری بریتـی بووەلە(هەفتانەی هاربەر) کە لەساڵی (1857)دەرچووە,بەلام یەکەمین هەوڵ بـۆ بەچـاپ گەیانـدنی ڕۆژنامـەی کاریکاتێری‌لـە

(رووسـيا)بـوو كاتێـك كەهونەرمەنـدی ڕوسـی(فینیـسیا نـوف) هەسـتا بـەدەرکردنی گۆڤارێـك بـەناوی ((گۆڤاریکاریکـاتێر))بـەڵام ئـەم گۆڤـارە بـەردەوام نـەبوو چـوونکو قەیـسەری رووسـیا((الکـسندری یەکـەم)) فـەرمانی داخـستنیدەرکرد﴿1بـۆ2﴾ژمـارەی لێدەرچـووئەویش لەساڵانی1812.

بەڵام هۆکارەکانی گرێدانیکاریکاتێربە ڕۆژنامەوە بـەڕای ئێمـە دەگەڕێتـەوە بـۆ لەیـەك چـوونی بابەتـەکان لـەنێوان کاریکـاتێر و ڕۆژنامـە بـەو شـێوەیەی کـەوادەکات ڕۆژنامەوکاریکاتێر پێویستییەکانی یەکتر تەواو بکەن.

دوای دەرکـەوتنی ڕۆژنامـەیکاریکاتێرئامێز بەرەبـەرە — ڕۆژلـەدوایڕۆژ— بڵاوبـوەوەو بـوە دیاردەیـەکی گـرنگ لەسـەرتاپای شـارەکاندا و هێـزە سیاسـی و حیزبیـەکان بونـە سەرچاوەی پشتگیری کردنی و بەرهەم هێنانی لە هەمان کاتدا بـووە میمبـەرێك بۆکاریکاتێریـستەکانبەجیاوازی بیروبـاوەڕی سیاسییانەوە, بەهۆی پـەڕەی ڕۆژنامەکانەوەبەجـەماوەر شـاد ئـەبوون و پـشتگیریيان بـۆ خۆیـان بەدەسـت هێنـا,گۆڤـاری (کاریکـاتێر) و (شـاری فارسـی)بـووە میمبـەرێك بـۆ (دومییـە

وغرانفیل وتواخیس ) چەندانی تلر,وەگۆڤاری (بقدونس)ی ئینگلیزی بووە میمبەرێکبۆ کاریکاتێریستی ئینگلیزی (لیتش)وگۆڤاری ((پەڕەفڕیووەکان))یئەڵمانیبووە میمبەرێك بۆ (ابوش و أویولندر) و (الکسونی )ی فەرەنسی بووە میمبەرێك بۆ (اغرافیا) وەبەشێوەیەك لەسەرتاپای شارە جیاوازەکانی جیهانداکەتیایدا سەدان و هەزاران ڕۆژنامەیان دەرکرد.

لەسەر پەڕەی ڕۆژنامە گاڵتە ئامێزەکان جەنگی کاریکاتێری‌دەبینین لە وڵاتە جیاوازەکان بە جیاوازی قۆناغەکانی مێژووشەوە, بۆ نمونە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەرشیفی ڕۆژنامە لە سە رتاپای وڵاتەکانی جیهاندا کاری کاریکاتێری‌دەبینین لە سەرگەورەپیاوەکانی جیهان بە شێوەیەك کە هیچ گرنگیەکیان پێ‌نەدراوە,هەروەك چۆن ئەو وێنانەی لە سەرسمێڵی(هیتلەر)ولە خۆبایبوونەکەی و لووتی(دیغول)و کڵاوە بازنەییەکەی و جگەرەکەی ((تشوشل))و سمێڵە زلەکانی (الستالین) وە چەندەها وێنەی تۆ کە گەورەپیاوەسیاسەتمەدارەکانی لە خۆ دەگرن ,

بــەڵام هــیچ کاتێــك کاریکاتێرنەبۆتــە جێــی نــاڕەزایی سیاســەتمەدارە گــەورەکان ,لــەو کاتــەدا کــە هەنــدێك لــە سیاسەتمەدارەکان کاریکاتێریستەکانیان بەبەشدار دەزانـی لـە جەنگەکانــدا وەك (قلمــون سمــیس )ی ئــەڵمانی , هەنــدێکی تریيان کاریکاتێريان بـە هۆکارێك دادەنـا بـۆ بـەرز بوونـەوەی ئاســتی جــەماوەر یّتیــان هــەروەك چــۆن ((شــارل دیغــول)) بیــچزاربووڵەوەی کـە کاریکاتێریـستەکان تـەنها بایـەخیان بـە لــووتی داوە ,بــۆ نموونــە جارێــك دەڵــێن ﴿ مــن کەســێتیم دابەزیووەلە فەرەنسا ,خۆم نابینم لەوێنـە کاریکاتێریـەکان کـە ڕۆژنامەکان بڵاوی دەکەنەوە ﴾.

بەشێوەیەکی گشتی لەم کاتەی ئیستادا نـاتوانین کاریکـاتێر و ڕۆژنامە لە یە ك جیابکەینـەوە ,تەنانـەت ئـەو ڕۆژنامانـەی کـە تایبەتن بەو بابەتانەی کە هونەرو پێکەنین لـە خـۆ نـاگرن وەك ڕۆژنامە ئابوورییەکان و چەندانی تر , کاریکاتێربڵاودەکەنەوە.

## کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا

نابێ خۆمان لەبیربکەین کە گەشەی پـەروەردەیی و کرانـەوەی مێشکی منداڵیمان لـە سـەر دەسـتی کاریکـاتێروفلیم کارتۆنـدا

بووه0 کەتاقە کەناڵێکیڕەوان و ساکار بوو بۆزانیاریپێویست و تێگەیشتن پێش ئاشنابوونمان بە پیت و ڕستە لەیادیشمان نە چێت کە کەڵە هونەرمەندی زۆر هەن بەشێوازە جیاجیاکانی (کاریکـــــاتێری ڕۆژنامـــــە ) و (کاریکاتێریتەلـــــەفزیونی–کۆمیدیا)و(کاریکاتێری بوکەڵە–دمیە)و هتد.

کاریان کردووەو بەرهەمی زۆر گەورە یان بەدەست هێناوە .

کێـدەتوانی لەگـەڵ هـەموو جوڵەیـەکی (چـاپلن) دا خەنـدەو پێکـەنین لـەبیر خـۆی بباتـەوە ؟ کـە نـاتوانێ دەبـێ بزانـێ کاریکاتێر چییە؟

هەرچەندە ئەو هونەر مەندانەی لـەم بـوارەدا کاریـان کـردووەو دەیکەن لە هەموو کەس زیاتر دووچـاری ئـازارو دەربـەدەری و ڕاوەدونـــان و لێپرســـینەوە و زینـــدانی بـــوون دەبـــێ ، بـــەڵام لـــەبارەی مێـــژوویی و کۆمەڵایەتیـــەوە ئـــەرکێکی گـــەورەوگران لەئەستۆ دەگرن. ڕەنگە بەرجەستە تـری نمونـە . تیرورکردنـی (نـــاجی لعـــەلی) ی هونەرمەنـــدی ناســـراوی فەلەســـتینی و تیرورکردنی (شاهێن)ی هونەرمەندی عیراقی و دوورخستنەوەی (عیماد لحاج) ی هونەرمەندی ناسراوی ئـوردونی لەسـەر کـاری خۆی، زینـدانی کردنـی کاریکاتێرعیـسی ئیرانـی (نیـل ئاهـەنگ

کەوسەر) وتەنزنووس (ئیبراهیم نەبەوی) ...ئەمانەو چەندین هونەرمەندی کاریکاتێری ناسراوی دیکەی خاوەن هەلویستی کە لە پێناوی گەیاندنی وشەو ئازادی ە دەربرینی رای سەربەستدا. ئازاردراون و ژیانیان کەوتۆتە ژێرهەرەشەی نەیارەکانیانەوە.

بۆیە دەبێت گیانی یاخیبوون و ئازایەتی وجورئەت لەهونەرمەندی کاریکاتێردابە ئەندازەیەك بێت ، زۆر جار دەست لەژیانی خویشی بشوات یان واز لەهەموو شتە تایبەتیەکانی بهێنی .چونکە ئەوەی کە هەرگیز دەسبەرداری نابێ بیرکردنەوەی ئازاد و سەربەستی رادەربرینی .لەوانەیەکاریکاتێریستە کوردیەکانیشمان بیانەوێ جێ پەنجەی هونەریان لەفەرهەنگی کوردیدا دیاری بکەن ، بۆیە پێویستە تەماشاکار هانی ئەم هونەرەبدەن و هۆیەك بن بۆ گەشەسەندن و پەرەپێدانی.

ئیمە لەکوردستاندا لەئەزمونێکی نوێدا دەژین ،ئەویش گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی و حوکمڕانی لە خاکی خۆماندا ، وەدەبێ رۆشنبیرانیش ئەم واقعە لەبەر چاو بگرن و دەسەلاتیش رێگای بیرکردنەوە و رەخنە گرتن و بینا

کردنـــەوەیان لێنـــەگرێت ،هەرچـــەندە تاڕادەیـــەك بـــۆ کاریکاتێریسی کورد هەنگاوێکی گەورەیە کە بتوانین لـەقۆناغی بـێ ئـەزموونی ڕاگەیانـدن و حـوکمڕانی و ئیدارەکردنـدا نیمـچە ئازادانـــە بەگـــشتی ڕەخنـــە لەبەرپرســـی و کاربەدەســـت و دەسەلآت داران بگرین جائەگـەر هونەرمەنـدی کـورد نـەیتوانی ڕۆڵی خۆی وەك پێویست ببینێ لەبەر ئـەوە نیـیـە کـە لـەباری هونـــەری و فیکرییـــەوە لەئاســـت و مەسەلەبنـــچینیەکانی گەلەکەیـدا نییـــە ،بـــەڵکو خـــسوسیەتی کوردســـتان ودۆخـــە سیاسیەکەی لەم قۆناغـەدا جۆریـك سانـسۆری زاتـی خـستۆتە سەربیروهونەری بەلآم ئەمە ئەوە ناگەینێت کەپاسـاو بۆدیـارە سەلبیەکان بهێنێتەوە و خۆمان تووشی خۆش خـەیاڵی بکـەین ئەرکە ڕۆشنبیرش نیە دەسەلآت و ڕەمزەکانی لەسـەر حـسابی حەمـەو حەقیقـەت ڕازی بکـا لەڕاسـتی دا کتێبخانـەی کـوردی تائیست ناميلكـەی کاریکـاتێری بـێ بـەش و هـەژارە دەزگـا و ڕۆشنبیریەکانیش زۆر کەمتەرخەمی لـە چـاپکردنی ئـەم جـۆرە نامیلکانە تەنانەت لەناو ڕۆژنامەوگۆڤارەکانیشدا زوربەی کـەمی بەرچـاو دەکـەوێت،وە هۆکارەکەشـی بـوونی نـەریتی بـاوە کەلەکوردستاندا ڕێگەی دەربڕینی بابەتی کاریکـاتێری گرتـووە

دەبێت ئەوە بلـێین کـەبۆ بەدەسـت هێنـانی بـچوکترین ئـازادی ،گــــەورەترین ئــــازارو فیــــداکاری دەوێــــت ، هەمیــــشە بۆدەسـبەرکردنی بـەردەوامی هــەر هـزرێکیش کـات و شـوێنی خۆی دەوێت ، بەلاّم ئـەوەی کـە گرنگـە دەبـێ گفتـو گـۆکردن لەسەر ئەم بابەتە کۆشیشیکی دەزگای بۆ فەراهەم بهێنێـری و هاندانێکیش بێ بۆ خەونی بەمەدەنی کردنی کۆمەلّگا 9

**هونەری کاریکاتێری کوردی**

کاریکاتێر تابلۆیەکی بەهێلّ (*out-line*) ڕوبەری ڕەش و سـپی دەکێـشری ، پـشت بـە زێـدە ڕۆیـی دەبەسـتێ ..بیرۆکەیـەك لەخۆیــدا هەلّــدەگرێت ،زیــاتر بــەلای سیاســەت وبــاری کۆمەلاّییەتیـدا دایدەشـکێنێ ،کـاری کاریکـاتێر پێکـەنینێك دەخولقێنی ،دەستە برای گریانە ،لەپۆسـتەر (اعـلان دعـائی ) یـەوە نزیکـە بینـەر هـەر بـە سـەرنج دانـی لێ ی حـالّی دەبێـت وچێژی لێ وەردوگرێت ، هەندێ کاریکاتێر لەوتاری دوورو درێـژ

---

9 *گۆڤــاری ڕۆژنامــەکانی /ژمــارە8/ کاریکــاتێر لەڕۆژنامەنووســی کوریدا/نوسینی محمد قادر/ ل 364–365*

کاریگەرترین وەك کۆمیدیایـە لەگـەڵ ئـاوەزدا دەپـەیڤێ ،مـرۆڤ دێتەپێکەنین وتا درەنگێ کاریگەری لەیادەوەریدا دەمێنێ .

رۆژنامـەی ئـەم سـەردەمە ئەگـەر بـەبێ کاریکـاتێربوو ،ئـەوا بێگومان لەڕەگەزێکی رۆژنامە بێبە شەو دەلاتەیـەکی تێدایـە ، چونکە هیچ شتێك نىیە هێنـدەی کاریکـاتێر ،سیاسـەتمەداران سـڵی لێ بکەنـەوە لەسـییەکانی سـەدەی بیـستەمدا ،کـاتێ تەنگـەژەی ئـابووری تـەنگی بـە ئەمـەریکا هەڵـچینبوو ،کاریکاتێرەوانێك بەناوی (تۆماس ناست) ەوە گـەورە پیـاوانی ئـەو ولآتـەی لـەوزیرەوە تـا ئەنـدامانی ئەنجومـەنی پـیران ( سـیناتۆرەکان ) و پەرلـەمانی کردبـووە کونـەوە کاریکـاتێر دەتـوانێ لەرۆژنامـەدا کـاری خـۆی بـە چـاکی بگـیرێ چـونکە بەهەزاران دانەی لێ چاپ و پەخش دەکرێ بەفراوانی دەکەوێتە پێش چاوی خەڵك . هەربۆیە کاریکاتێریستەکان ئەگەر جڤات و سەندیکا یان هـەبێ چـاکتر وایـە لـەپاڵ رۆژنامەنوسـاندا کـاری سەندیکای خۆیان راپەڕێنین .

(وێنەی کاریکاتێری ،وردە وردە بەئاسانی وا خەریکـە جێگـەی ووتـار دەگرێتـەوە ) زۆر کـات لـەلای خۆمـان کـە رۆژنامـەت لێ وەردەگـرن ، تـەنیا چـاو بـە وێنەکانیـدا دەخـشنێن و پاشـان

دەیدەنەوە دەستت .هەروەك نەخوێندەوار وابن دیارە لەم سەردەمەدا وێنەبە چەسپاوی و بەرجەستەیی تۆماردەکات .

ڕۆژنامەکانی کوردستان بەگشتی لەم لایەنەوە هەزارن، هۆیەکیش ئەوەیە هەموو هونەرمەندی کاریکاتێرمان هێندە کەمە لەنخی نەبوندایە وێنی کاریکاتێری بکێشیٚ .ئەم هونەرە چ وەك تەکنیك و چ وەك بیرۆکە پێویستی بەتوانا و لێوەشاوەیی هەیە بۆیە زۆر جار دێن کاریکاتێر لەڕۆژنامە عەرەبی و جیهانیەکان وە دەگویزنەوە ، بەتایبەت ئەو ڕۆژنامە عرەبیانەی کە لە ڕۆژئاوا دەردەچن10. وە ك سەرەتایەك بۆ هونەری کاریکاتێری کوردی ئەکرێت بگەڕێنینەوە بۆچەند ژانرێکی تری ئەدەبی ، لەلای چەند نوسەرو بوێژێکی کوردوەك :

1- شیعر : وەك نمونەی شعرە دا شۆرینەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شوکری فەزڵی حەسەن کەنوش و....

---

[10] ڕۆژنامەڤانی :ژ.8.ل65-67 ،کاریکاتێر لەڕۆژنامەگەری کوردیدا– ئاشنا

2- شانۆی ناومالْ :لەنوسینی مەلا مستەفای سەفوەت کە زیاتر گەپوپ و نوکتەی سەرەڕێ ی لە خۆگرتووە کە بێجگە لەم کتێبە چەند نوسێنێکی لەم بوارەدا ڕۆڵی خۆیان بینەوە وەك (ڕشتەی مرواری –عەلادین سوجادی ) ((گالتەو گەپ –پیرەمێرد)) ترش وشیرین –خاڵە ڕەجەب ......

3- ئەو وێنەهونەریوکاریکاتێریانەی کە لەناو دراماو شانۆگەری و چیرۆکە تەمسیلیە کوردیەکانداوەکو پیسکەی تەڕ پیر،باوەژن خوا بناسە ، جەنابی موفەتیش ،لانەوازان ،خولە چەخماخە وهتد .

4- ئەو وێنەکاریکاتێریانەی کەلەدووتۆیی چیروکەکاندا بەشێوەی نووسین یاداشت کراون وەك ((کرەلۆتی مەنۆچەر )) ئیبراهیم ئەحمەد ((پێکەنینی گەدا )) حسن قزلْجی ((پیرۆت وبایز ))هەژارموکریانی ....هتد [11]

---

[11] ڕۆژنامەکانی : ژمارە 5–ل180–181 0 هونەری کاریکاتێری کوردی– سەردەم

**كاريگەری كاريكاتێرلەدوو كۆمەڵگەی جياوازدا**

كاريكـاتێر لای كـورد لـە سـاڵانی حەفتاكانـداوە پەيـدابووە , سـەرەتا لـە كاريكاتێریجيهانيـەوە وەرگـيراوە و پاشـان كاريكاتێریخۆماڵی پەيدابووە .

لە نێوكوردا سمكۆ ناكـام يەكـەم كـەس بـووە كـە كاريكـاتێری كردووە, كاريكاتێريستەكوردەكان وەك چاو لێكەريەك چـاويان لەكاريكاتێريستە عەرەبەكان كردووە.

(سيروان سەيد أحمد)كە يەكێكـە لـە هونەرمەنـدە كوردەكـانی شاری هەولێر دووەم كەس بووە كە لە هاوكاری داكاريكـاتێری بڵاوكردەوە.

كورتبری(اختزال)لە كاريكاتێردا زۆر پێويستە ,

كاريكـاتێر:بريتیيـە لـەو بيرۆكەيـەی كـە بـە خـەياڵی تـۆی هونەرمەندا دێت و دەی كەی بە تابلۆيـەك ,كـە هـەموو مەرجـە هوونەريەكانی تێدابێت . كاريكاتێرەكە دەبیٚ لە ڕووی بيرۆكـەو زمـان و ئـاوو هـەوای ناوخۆيـشەوە لـە گـەڵ ئـەو خەڵكـەدا بگونجێت كە كاريكاتێريەكە يان بۆ كراوە .

ڕۆژنامە نووسی زۆر پێویستی بە کاریکاتێر هەیە و لـە هـەمان کاتدا کاریکاتێریش پێویستی بـە کـوتبڕی (اختـزال) لـە وشـەو ڕەسم ...هتد ,هەیە هونەرمەندی کاریکاتێریش دەبێ مرۆڤێکی بیرتیـژولێهاتووخاوەن بـۆ چـون و بیرکردنـەوەبێت 0 دەبـێ لەلایەنی بیرەوە سەربەخۆبێت.

هـۆی پـێش نەکـەوتنی کاریکاتێرلـە کوردسـتاندا نـەبوونی دیموکراتیەتـە .چـونکەئەو بـوارە نەرەخـساوە کـە کاریکـاتێر بتوانێت ئازادانە ڕەخنە لە هەموو لایەنێك بگرێت

ڕۆژنامە چۆن دەتوانێ ئێمە وەك کاریکاتێریـستی بگرێتـەخۆی ؟

کاریکاتێر دەبێـت لـە (9سـم-15سـم)بێـت ,بـە واتایـەکی تـر دەبێـت کاریکـاتێر قەبارەکـەی بـەپێی رووبـەری لاپـەڕەی ڕۆژنامە کەبێت ,گچکە کردنەوەی کاریکاتێرلە (9سم)ڕەنگە لە بایەخە هونەرییەکەی کەم بکاتەوە.

(خوێنەر) و (بینەر) هەردووکیان تەماشای کاریکاتێر دەکەن ,یەکێکیان لە ڕووی هونەرییەوە ئەوی تریش لە ڕووی ماناوە [12]

(1) 34 وانە لە بارەی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامە نووسی کوردییەوە :وانە بێژ , گرفتار کاکەیی, ئامادەکردن/حسن یاسین ,سلێمانی 2004 /ل48–50

نموونەی چەند گۆڤارێکی تایبەتمەندی کاریکاتێر

لەدوای ڕاپەڕینەوەبەشێوەیەکی پراکتیکی لە بواری کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا بە شێوەی تایبەتمەند هاتە ئاراوە ,کە لە ڕاستیدا ئەمە بۆ یە کەمین جار بوو وەك گۆڤار بڵاوکرایەوەی سەربەخۆ بەو گرنگیەوە بڕوانێتە هونەری کاریکاتێر.

---

[12] *34 وانە لە بارەی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامە نووسی کوردییەوە :وانە بێژ , گرفتار کاکەیی, ئامادەکردن/حسن یاسین ,سلێمانی 2004 /ل48–50*

که له لایەن کۆمەڵگەی کوردیشەوە پێشوازییەکی گەرم وگوڕی لێکرا له نمونـەی ئەوانـە بـە نمـرەی یەکـەم (سـیخوورمە) کـە خوودی(ئاکۆ غەریب ) پێی ڕاگەیاندیین که سیخورمە نەك هەر زەرەری مـادی ناکـات بـەڵکو قـازانجیش دەکـات ,کـە ئـەوە نیشانەی فرۆشیەتی له بازاڕی بڵاوکراوەکاندا .

وەك مێژووی‌ئەم هونەرییە تایبەتـە ئـەتوانین ئامـاژە بـە ڕۆڵـی چەند بڵاوکراوە و گۆڤارێك بکەین که ئەمانەن:

1/فشقی تایمز:

یەکـەمین بڵاوکـراوەی گاڵتەجاڕی‌تـەنز ئـامێزە لـە کوردسـتانی ئـــازاد دەرچـــوو.ئـــەم بڵاوکراوەیـــە لـــە کۆتـــایی سـاڵی(1994)لەلایـەن چـەند خوێنـد کارێکـەوە لـەزانکۆی سەلاحەدین له هەولێر دەرچـوو, سـتافەکەی پێکهاتبوولەچـوار خوێنـد کـار ,یەکـەمین ژمـارەی بـە ﴿سـفر﴾دەسـتی پێکـرد بـەتیراژی(40)دانـەی (8) لاپـەڕەی سـەرەت هـیچ لایـەنێك یارمەتی نەدان ,بەلاّم له ژمارەی (8)و دوای گـۆڕانی دەسـتەی نووسەرانی لەلایەن کۆمیتـەی رێکخستنی زانکـۆی (ی.ن.ك) و کۆمەڵـەی خوێنـدکاران و لاوانـی کوردسـتان یارمەتی‌مەعنـەوی دران به تێپەڕبوونی کات دەستەی نوسـەرانی زیـادی کـرد کـە

گەیشتە(25)خوێند کار وە تیراژەکەی گەیشتە(400)دانە و بەرەوژوور.

فشقیتایمز تەنیا (28) ژمارەی لیّدەرچوو,بەهۆی باری سیاسیو لێکدابڕانی دەستەی نوسەرانیو نەبوونی پاڵپشتی مادی وایکرد کە نەتوانیّلە دەرچوون بەردەوام بێت و کۆتایی پێهات .

2/مەلای مەشهوور :

گۆڤارێکی تایبەتە بە کاریکاتێر و ڕەخنە و پێکەنین ,یەکەمین ژمارەی لە مانگی 1997/7/7 لە هەولێر دەردەچوو..گۆڤارێکی مانگانەیەوهەڵوێستی سەربەخۆیی هەیە و بە هیچ لایەنێکەوەپابەند نییە ,هی لایەنێکیش بەڕەسمی یارمەتی نەداوە ,وەبە (16)لاپەڕە دەردەچوو..

ستافی گۆڤارەکە لە چەند کەسێك پێکهاتووە:

خاوەنی ئیمتیاز: عەبدولڕەحمان پاشا ، سەرنووسەر :حەیدەر قادر.

کۆمەڵێك هونەرمەندی کاریکاتێریستی کاری هونەری تێدا دەکەن ..وەهەردوو شێوازی سۆرانی وبادینی بەکاردەهێنێت 0وەگرنگیەکی زۆری بەکاریکاتێر داوەلە هەممووژمارەکانیدا

،چەندین کاریکاتێری تێدایە کەباسی لەدیاردەکان دەکات 0 هەروەها لە هەموو ژمارەکانیدا لاپەڕەی یەکەم و کۆتایی بریتی‌یە لەوێنەی کاریکاتێر.

3/ئەهۆو:

توانجنامە یەکە چاکسازی کاریکاتێریە ..کۆمیتەی ڕانیەی کۆمەڵەی خۆیندکارانی‌کوردوستان پانزە ڕۆژ جارێك دەری دەکرد ..لەماوەی (6) مانگدا وبە بەردەوامی لەکاتی خۆیدا ،وە بە (4) لاپەڕە دەردەچوو ..

ئەم توانجنامەیە ڕۆڵی گرنگی لەدەرخستنی دیاردە دزێوەکانی ناوچەکەدا هەبووە لەسەر ئەم نەهجە دووچاری چەندین کێشەو گیرو گرفت بووە..

لەژێر گوشاری زۆری چەند کەسێکی یاسا شکێن کە بەهۆی توانجنامەی (ئەهۆو) وە تووشی ئیحراج دەبوون ،کۆمیتەی ڕانیەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردوستان ناچاربوو کەتاکە مینیبەری تەنز ئامێزی ناوچەکە دابخات و چیتر دەرنەچێت ئەهۆو (12) ژمارەی لێ دەرچوو و دوایین ژمارەی لە 1998/12/31دەرچووە..

4/ پەح:

بلاوەكراوەیەكـە تـەنز ئـامێزی كۆمەڵایـەتی كاریكـاتێریی ..كۆمـەڵێك خۆینـدكار ناحیـەی شۆرشـی سـەربەقەزای چەمـچەماڵ دەری دەكـەن .. پـەح بلاۆكراوەیەكـە مانگانەیـە ..یەكەمینی ژمارەی ساڵی 1998 دەرچوو لەشێوەی نامیلكـە و بـە (14) لاپـەڕە .لەلایـەن خوێنـدكارانی ناوچـەكەوە ش لـەڕووی هێنـانی هـەواڵ وزانیاریـەوە هاوكـاری بـاش دەكـران ..ماوەیەك ئەم بلاۆ كراوەیە لە دەرچوون وەستا ،بەلاًم بەهۆی كۆمەك كردنیان لەڕووی دارایـەوە لەلایـەن كۆمیتـەی شۆرشـی كۆمەڵـەی خوێنـدكارانی كوردسـتان .. دووبـارە دەسـتیان كـردووە بـە دەرچـوون .. پـەح تـاكو ئیـستا بـەردەوامی لەدەرچوون ، تا ڕادەیەك گرنگە بەكاریكاتێردەدات .

5/دەهۆڵ تایمز :

گۆڤـارێكی تـەنز ئـامێزی كۆمەڵایـەتی–كاریكاتێرییـە,مـانگی جارێـك لـە هـەولێر دەردەچـێت (20)لاپەڕەیـە سـتافی گۆڤارەكە پێكهاتووە لە :

خاوەنی ئیمتیاز/خالد ئەحمەد خدر .

سەرنووسەر/ڕزگارنووری شاوەیس .

كاری هونەری /بەمۆ.

دەهۆڵ تایمز مۆڵەتی یاسایی لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری لـە هــەولێر بــە ژمــارە (95) پێــدراوە وەك گۆڤــاری گاڵتــە جاڕ,یەکەمین ژمارەی لـە 1999/12/15دەرچـوو,گۆڤارەکـە باس لە دیاردەی ناشایستەی ناوکۆمەڵدەکات وەگرنگـی تـەواو بە لایەنی کاریکاتێر و وێنەی فۆتۆیی دەدات ,زمانی گۆڤارەکـە هەمە لایەنەوزیاتر شێوازی شێوەزاری هەولێر و گـەرمیانی بـەر دەهێنــێ وە لاپــەڕەی یەکــەم و کۆتــایی گۆڤارەکــە لــە هەمووژمارەکانیدا بریتیبە لە کاریکاتێر.

6/سیخورمە:

گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی سیاسـی کاریکاتێریـە دوو هەفتـە جارێـك دەردەچـێت ,خـاوەنی ئیمتیـاز/ئـاراس شـێخ جـەنگی ,سەرنووسـەر/د.شـێرکۆ عبداللـە ,بەڕێوبـەری هوونـەری/ئـاکۆ غـەریب ,مۆنتـاژ/ئـەمیر بـەکر قەسـاب ,کـارزان محمـد ڕەمـزی ,هونەرییەکان/محمد فاتح–بازیان جـەلال مـشکی زادە–سـائیر بەدری.

سـیخورمە مۆڵــەتی کــارکردنی یاســایی لەلایــەن وەزارەتــی ڕۆشـنبیریەوەبە ژمـارە (215)لـە ڕێکـەوتی 1993/3/8وەك گۆڤــارێکی ســاتێر بۆدەرچــوو,وە لــە ســاڵی

1998یەکـــــەمین ژمــــــارەی لێدەرچـــــووکە ژمـــــــارە (سفر)بووبە(16)لاپەڕە دەرچـووکە تـاکو ئێـستاش گۆڕانیبـە سەردانەهاتووە ,

وە لە سەرەتادا بە تیراژی هـەزار دانـە لـە ژمـارە(200)بـەلاّم دوایی زیـادی کـرد تاگەیـشتە (8000)دانـە ,بـەلاّم لـە ژمـارە (48)تیراژەکەی دابەزیی بۆ (5000)وەئێستەش بەو شێوەیە بەردەوامە .

کاریکاتێر وەك لقێکی هونـەری یەکێکـە لـە دیـارترین هونـەری شـێوەکاری کـە سـیخورمە زۆر گرنگـی پێـداوە ,کـە هونـەری کاریکاتێری کردۆتە ئامرازێـك بـۆ دەرخـستن و ڕەخنـەگرتن لـە دیـاردەو ڕووداوە سـلبیەکانی نـاو کۆمـەڵی کـوردەواری 0لــە هــــەموو ژمارەکانیـــدا نزیکـــەی (20)وێنـــەی کاریکـــاتێری تێدایە,وەگۆشەیەکی بەردەوامی گۆڤارەکـە بـەناوی (لـەدنیایی کاریکاتێرەوە)تایبەتە بەو بوارە وەلاپەڕەی یەکـەم و کۆتـایش بریتیەیە لەوێنەی کاریکاتێر[13]

---

[13] *گۆڤاری ڕۆژنامە نوسی /ژمارە1/گۆڤاری سـیخورمە ئـەزمنێکی نـوێی ڕۆژنامەنووسی کوردی /*

ئامادەکردنی :دڵشاد سابیر کەریم /ل72–81